وەزارەتی ناوخۆ
پاریزگای هەولێر
ب.گرێبەستە گشتییەکان

وزارة الداخلية
محافظة أربيل
مديرية العقود العامة

ژمارە: ١٨١

٢٠٢١/١/١٤ زایینی

ئاگاداری

ب/ کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (٦٩) بۆ جاری دووەم

پاریزگای هەولێر / بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان / کەم کردنەوەی نهێنی ڕادەگەینێت بۆ پرۆژەی (خاوێنکردنەوە و کۆکردنەوە و گواستنەوەی زبڵ و پاشماوەکانی زۆنی چوار لە شاری هەولێر) کە (سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر) پێی هەلدەستێت. جا هەر بەڵێندەرو کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لە بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریمان بدەن بە مەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لە تەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پرۆژەی سەرەوە بە مەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لە ناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەری نوسرا بێت و پێش کەش بە سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لە دیوانی پاریزگای هەولێر / کارگێری خۆجێیەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر(١١)ی نیوەڕۆ ڕۆژی (پێنج شەممە) ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٢/٢٤ دەبێت . وە مەرج نیە فەرمانگەکەمان بە نزمترین نرخی تەندەر ڕازی بێت .وە کرێی بلاو کردنەوەی ڕاگەیاندن دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.

<u>مەرجەکانی وەرگرتنی تەندەر :</u>

- ❖ کۆمپانیا تایبەتمەند بێت بە خزمەتگوزاری پاککردنەوە وە پشتگیری نوێ کراوەی ساڵی (٢٠٢٠)ی هەبێت .
- ❖ پشتگیری باجی دەرامەت نوێ کراوە بێت .
- ❖ بارمتەی سەرەتایی بە بری (٣٠٠.٠٠٠.٠٠٠) سێ سەد ملیۆن دینار بە شێوەی (خطاب ضمان) یان چەکی پەسەند کراو لە یەکێك لە بانکەکانی هەرێم.
- ❖ دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا لەگەڵ خۆی بێنێت وە بەناوی خۆی بێت ، ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی ڕێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت .
- ❖ فرۆشتنی تەندەر (١،٢٥٠،٠٠٠) یەك ملیۆن و دوو سەد و پەنجا هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە ، وە ڕۆژانە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی تاکو (١) دوای نیوەڕۆ دەبێت.

<u>تێبینی</u> :-

دوو ڕۆژ پێش کردنەوە تەندەر نافرۆشرێت .

هێمن قادر
ل / پاریزگاری هەولێر
٢٠٢٠/١٢/

<u>وێنەیەك بۆ :-</u>

- ✓ وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری / بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لە ڕۆژی کردنەوە و شی کردنەوەی تەندەر / لەگەل ڕێزماندا ...
- ✓ سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر / بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لە ڕۆژی کردنەوە و شی کردنەوەی تەندەر / تکایە.....
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی تەندەرەکان
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری — بۆ جێ بەجێ کردن و کاری پێویست.....
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی پلان دانان.
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی (I .T)
- ✓ ڕۆژنامەی خەبات / تکایە ئاگاداریەکە بلاو بکرێتەوە بە پێتی ئاسایی , لەگەل ڕێزماندا .....
- ✓ ڕۆژنامەی هەولێر / تکایە ئاگاداریەکە بلاو بکرێتەوە بە پێتی ئاسایی , لەگەل ڕێزماندا .....
- ✓ یەکیەتی بەڵێندەرانی کوردستان/ لقی هەولێر بۆ ئاگاداریتان .